# ئەكاديميا و دەنگى توێژەر

ئەحمەدى مەلا

ئامانجەكانى پەروەردە بنياتنانى زهينييەتى راسيۆناڵە، واتە زيهنييەتێك كە بير بكاتەوە و پرسيار بوروژێنێ و لە كۆتايى دا وەكو رەخنەگر مامەڵە لە گەڵ كۆمەڵگا بكات. كاتێكيش بە تەواوى بير دەكەينەوە هەست بە ئازادى دەكەين، چونكە تەنها بيركردنەوەيە كە ئينسان ئازاد دەكات. يەكێك لەو ئامرازانەى كە ئينسان پيى بتوانێ تەعبير لەو ئازادييە بكات زمانە. بە واتايەكى دى ئازادى ئينسان لە زمانەكەى دايە، هەر ئەويشە سەرتاپاى سيستەمەكانى دەورويشتى دەسازێنێ و بايەخدارى دەكات.

فرەن جۆرەكانى خيتاب. هەر نەوعييەتێك ئامانجى تايبەتى خۆى هەيە و هەندێ جاريش بۆ ئامانجى زۆر تايبەت و بە دەستى ئەنقەست سنوورەكانى نێوانيان دەبەزێندرێ. لە كۆمەڵگا پێشكەوتوو و ئاڵۆزەكاندا، دامودەزگاى تايبەت تەرخان دەكرێت بۆ بەرهەمهێنانى خيتاب و لە دانيشگاكانيش لەو بارەيەوە وانە دەوترێتەوە و پسپۆرى تايبەت هەن.

زمان كردەيەكى ئاڵۆزە! ئاڵۆزييەكەى لە دروستكردنى رستە و پەرەگراف و خاڵبەنديى و رازاندنەوەدا نييە، بە قەد ئەوەى خێرا دەكرێ بكرێتە چەك لايەنگر پەيدا كات. ئا ليرەدايە سەرجەم ئافاتەكانى زمان. كردەى ئاڵوگۆڕى زانيارى لە مەڕ هەر دياردەيەكى دياريكراو، ميشك بە جۆرێكى پەنها ئيش دەكات. بۆيە هەنديجار تەنها رستەيەك بايەخى كتێبێكى دەبێ، زۆر جار تەنها وشەيەك دەبێتە هۆى تەقينەوەى گەلێ زانيارى كە لەوەوە پێشتر لە مێشك عەمباركراون ؛ ئەمەش يەكێكە لە نهێنييەكانى كارى مێشك و كار و كاردانەوەكانى.

ئەوەى لێرە دەمانەوێ تەرحى كەين پەيوەندى بە زهينييەتى توێژەرى ئاكاديمييەوە هەيە :

لە پۆلى ماجيستێر بووم لە بەشى" زانستى زمانەوانى" وانەيەكمان هەبوو لە مەڕ " مێتۆدى زانستى و چۆنيەتى ئامادەكردنى لێكۆڵينەوە زانستى"، سەرەراى گشت ئەو زانيارييە سەرەتاييانەى كە لێكۆڵينەوەى زانستى گەرەكێتى بۆ ئەوەى لە هەر لێكۆڵينەوەيەكى دى جوداى كاتەوە : وەكو هۆكارەكانى هەڵبژاردنى بابەتى لێكۆڵينەوە و ماددەى لێكۆڵينەوە و گرفتە راستەقينەكان و دروستكردنى ئيشكالييەتەكان و چين ئەو گريمانانەى كە پێشكەشدەكرێن تا دەگاتە چۆنييەتى بەكارهێنانى سەرچاوە و بەڵگەهێنانەوە و حينجەت دروستكردن گەلێ خاڵى ديكەش كە شتگەلێكن بە ئاسانى قووتابى دەتوانى ئاشنايان لە گەڵا پەيا بكات و بەكاريان بهێنێ. واتە گشت ديوە شيكلييەكان دەگرێتەوە. ئەوەى دەمينێتەوە بە چ زمانێك ئەم شيكلە دەخەملاندرێت؟

يەكێ لەو رستانەى كە گرينگييەكى زۆرى لە لا پەيداكردم، ئەويش رستەيەك بوو كە رۆژێكيان مامۆستا دركاندى و وتى :" نابێت گوێمان لە دەنگى توێژەر بێت!"

دەمێك ئەم رستەيە تووشى رامانى كردم و هەميشە لێكۆڵينەوەيەكى زانستيم بە زمانى كوردى بخوێندايەوە، ئەم پرسيارەم لە خۆ دەكرد : ئايا دەنگى توێژەر لە نێو دێرەكانەوە دەبيسترێ يا نا؟

ئەم رستەیە سنووریێک لە نێوان سوبژەکتیڤ و ئۆبژەکتیڤ دادەنێت، خیتابێک کە بە "من" دەسپێدەکات و بە "من" کۆتایی دێت، لە خیتابێکی دی کە خۆی لە نێو کۆمەڵگای زانستان دەبینێتەوە، دەسنیشان دەکات. سنوور لە نێوان خیتابێک کە هەموو هەوڵێکی خۆ فەرزکردن و خۆ زاڵکردنە لە خیتابێک دی کە دەیەوێ بە وردیی و وریاییەوە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک بدات، دادەنێت.
"دەنگ" واتە تۆن و نەبرە، واتە بەرزبوونەوە و نزمکردنەوە، واتە پێداگرتن لە سەر پیتێک و خاوکردنەوە پیتێکی دی، واتە درێژکردنەوە بزوێنێک و توندکردنێکی کۆنسۆناتێک، بە کورت هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی بە حینجەتی دیکەی نا زانستییانە قەناعەت بەویتر بهێنین.

گوێمان لە دەنگ دەبێت لە رێگەی بەکارهێنانی دەستەواژە و تێرم و سیاغەی تایبەت کە بارستاییەکی سایکلۆژیی و کۆمەڵایەتیان زیاترە لەوەی تێرمێکی دی بەکاربهێنین کە تەواو ئەو شتە روونکاتەوە کە دەمانەوێ.

گوێمان لە دەنگ دەبێت کاتێک توێژەر حینجەتی زانستی پێنامێنێ و دەیەوێ شتمان پێبڵێت، دەیەوەی هەرچۆنێک بێت درێژە بە نووسین بدات. لە کۆتایی دا بە جۆرە پەلەقاژەیەک دەژمێردرێت و سەرەرای ئەوەی لە رووی فۆرمەوە بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەژمێردرێت، بەڵام خێرا لە لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بەرەو خیتابێکی لیریکی شۆڕی دەکاتەوە یا بەرەو خیتابێکی سیاسی و دەیەوێ خوێنەر بە گشت ئەو دەلالاتانەوە ببستێتەوە کە لە دەرەوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی واتاکانیان سازاندووە.

بۆ نموونە سەرجەم ئەو واتایانەی کە لە دەوری وشەی "کورد" دروستبوونە، لە لای ئێمەی کورد تا سنوورێکی بێ پایان بارگاوین و بارستایی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیشیان لە سەرە. وشەیەکە بە ئاسانی دەکرێ داوی عاتیفەی پێ بلەرێنینەوە، دەکرێ زیادڕەوی پێبکەین و کەس نەیەتە وەڵام، دەکرێ هەندێ گەمەی ناعەقلانیشی پێبکەین و دڵی خۆمانی پێخۆشکەین، دەکرێ لە سەر لم کۆشکی پێبڕازێنینەوە. دەکرێ و دەکرێ...

کەواتە هەر بابەتێک کە لە دەوری ئەم وشەیە درست دەبێت زۆر جار هەست دەکرێت توێژەر تووشی ئۆتۆسانسۆر دەبێت و دەیەوێ هەرچی چۆنێک بێت ساخوتمانێکی دروستکات بە بێ ئەوەی تەمەڵ و بناغەیەکی پتەوی هەبێت ؛ هەندەی بە گەڕان و عەوداڵبوونێک دەچێت بە شوێن ناسنامە ( سەرەرای شەرعییەتی) هەندە خەریکی ئەوە نییە خیتابێکی راسیۆنال بنیات بنێت. ئەم کێشەیە تەنها توێژەری کۆن ناگرێتەوە، بەڵکو توێژەرە هاوچەرخانیشمان.

دانیشگای کاستیا لا مانچا-ئیسپانیا